ژمارە (46) | پێنجشەممە | 10-1-2019


کوردی

عربي

# هەواڵنامە


بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە

ئاگاداربوونەوە لە هەواڵ و

رووداوو شیکردنەوەکانی

(کوردستان، عێراق، جیهان)

ئۆفیسی میدیایی جولانەوەی

نەوەی نوێ دەریدەکات

نەوەی نوێ


## قادر عەزیز: با سەرۆک وەزیرانێکی بێلایەن لەهەولێر دابنرێت



## دۆخی کەرکوک بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، یەکێتی "تاکلایەنە بڕیاردەدات" و پارتیش "شیعەکان هاندەدات"



## 58 منداڵی داعش لەزیندانەکانی هەولێرن

## یەکێتی هۆکاری "چەقبەستنی دانوستانەکان" ئاشکرادەکات

## بڕیارێکی نوێ لەبارەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلەوە دەرکرا



## نوێ

### ئەمرۆ پەرلەمانی عێراق بۆ پڕکردنەوەی سێ وەزارەتە بەتاڵەکە کۆدەبێتەوە

ئەمڕۆ پێنج شەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پڕکردنەوەی سێ وەزارەتی بەتاڵی حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی کۆدەبێتەوە.

بەپێی کارنامەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەمان کەبڕیارە کاتژمێر 1ی پاشنیوەڕۆ ئەنجام بدرێت، ئەنجومەنی نوێنەران درێژە بەگفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2019 دەدات .

هەروەها لە دانیشتنەکەدا بڕیارە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای پێشنیازکراو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2010ی خزمەتی سەربازی و خانەنشینی بکات .

بەپێی نوسراوێکی سەرۆکوەزیران کەپێشتر میدیاکانی عێراق بڵاویانکردوەتەوە و نوسراوەکەش ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراوە تێیدا ئاماژە بە کاندیدانی عەبدولمەهدی بۆ پۆستی سێ وەزارەت، کراوە و بریتین لە؛

-فالح فەیاز، کاندیدی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ.

-سەلیم جبوری،، کاندیدی پۆستی وەزیری بەرگری.

-حاکم رزگار محەمەد ئەمین، کاندیدی پۆستی وەزیری داد.

ئەوەش لەکاتێکدایە، رۆژی سێ شەممە بەهۆی نەبونی رێژەی یاسایی ئامادەبوان پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا دانیشتنەکەی بۆ رۆژی پێنج شەممە دوابخات.

### قادر عەزیز: با سەرۆک وەزیرانێکی بێلایەن لەهەولێر دابنرێت

ئاوێنە

قادر عەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رایدەگەیەنێت ئەگەر پارتی بەناوی خزمەتکردنی خەڵک داوای پارێزگارێکی بێلایەن بۆ کەرکوک دەکات، کەواتە باسەرۆک وەزیرانێکی بێلایەن لەهەولێر دابنرێت.

ئاوێنە: قادر عەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمیانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی روداوی نزیک لە نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند ئەگەر پارتی بیەوێت بە بیانوی خزمەتکردنی خەڵک پارێزگاری شاری کەرکوک بۆ یەکێتی نەبێت، کەواتە با لەهەولێریش سەرۆک وەزیرانێکی بێلایەن دابنرێت خۆ لە هەولێریش خەڵک هەیە، دوپاتیشیدەکاتەوە کە یەکێتی داوای پارتی لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکوکەوە رەت دەکاتەوە.

ئاماژەبەوەش دەکات ماوەیەکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەر شوێنێک بیەوێت بەرکەوتەی خۆی وەر بگرێت پارتی دیموکراتی کوردستان دژایەتی دەکات، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە ە حزبەکەی دەیەوێت هاوبەشێکی راستەقینەبێت لەکابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک وەک لایەنێکی بەشداریی پێکراو.

# کوردستان

## یەکێتی هۆکاری "چەقبەستنی دانوستانەکان" ئاشکرادەکات

هاوڵاتی

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاند، دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت چەقی بەستووە و پارتی دەیەوێت لە ژێر فشاری دەستگیرکردنی ژمارەیەک کادیری یەکێتیدا، حزبەکەیان ناچار بەملدان بە داواکارییەکانی بکات.

چەقبەستنی گفتوگۆکان دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی لێکەوتووەتەوە، لەکاتێکدا زیاتر لە 100 رۆژە هەڵبژاردن کۆتایی هاتووەو هێشتا ئاسۆی پێکهێنانی کابینەکە نادیارە.

بڕیاربوو لەچەند رۆژی رابردوودا بە کۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی گەڕێکی دیکەی دانوستانی پێکهێنانی حکومەت دەستپێبکاتەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

فەرید ئەسەسەرد بە سایتی هاوڵاتی وت "لەکۆتایی ساڵی رابردووەوە دانوستانەکان چەقی بەستووە و تا ئێستا دەستی پێنەکردووەتەوە، چاوەڕوانی ئەوەین پڕۆسەکە دەستپێبکاتەوە، بەڵام دەبێت پێش ئەوە ئامادەکاریی بۆ بکرێت."

چەقبەستنی دانوستانەکانی پارتی و یەکێتی هاوکاتە لەگەڵ کێشەکانی نێوان ئەو دوو حزبە کە بەهۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەک لەکادیرەکانی هەردولاوە لەلایەن یەکتریەوە سەریهەڵداوە.

لەچەند رۆژی رابردوودا ئەو دوو حزبە بەشێک لە کادیرەکانی یەکتریان ئازادکرد، بەڵام یەکێتی دەڵێت هێشتا ژمارەیەک کادیریان ئازاد نەکراون.

فەرید ئەسەسەرد وتی "دەستپێنەکردنەوەی دانوستانەکان پەیوەندی بەو پرسەوە هەیە، چونکە ئەوە چاوەڕواننەکراو بوو، چاوەڕوانی ئەوە نەبووین ئەم مەسەلەیە وەکو کارتی فشار بەکاربهێنرێت، ئەمە مەسەلەیەکە زۆرتر پەیوەندی بە شێوەی رەفتاری سیاسییەوە هەیە."

وتیشی "ئەگەر پارتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەو شێوەیە رەفتاربکات، چۆن دەکرێت لە ژێر فشاردا مل بە هاوپەیمانەکانی بدات بۆ داواکانی."

لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا پارتی و یەکێتی چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەروەها پارتی لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕانیش کۆبووەوە، بەڵام دانوستانەکان هێشتا رێککەوتنیان لێنەکەوتووەتەوە.

ئەسەسەرد باسی لەوەکرد، ئەگەر پرسی دەستگیرکردنی کادیرەکانیان یاساییە، ئەوان خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن، "بەڵام مەسەلەکە یاسایی نییە و پەیوەندی بەدۆخی ئێستاوە هەیە، بە دیاریکراوی پەیوەندی بەو تەگەرانەوە هەیە کە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتدان."

تا ئێستا دیار نییە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت کەی دەستپێدەکەنەوە، لەکاتێکدا 100 رۆژ زیاتر بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 30ی ئەیلولدا تێپەڕیوە کە تێیدا پارتی پلەی یەکەم و یەکێتی دووەم و گۆڕانیش پلەی سێ یەمیان بەدەستهێنا.

بەرپرسانی پارتی پێشتر چەند جارێک یەکێتیان بە هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێ تۆمەتبارکردووە و دەڵێن یەکێتی داوای پشکی زیاتر لە قەبارەی خۆی دەکات. یەکێتی بەفەرمی چەند جارێک رایگەیاندووە کە داوای "شەراکەتی راستەقینە دەکات" لە کابینەی نوێدا.

لەچەند رۆژی رابردوودا فرسەت سۆفی ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بە میدیای فەرمی حزبەکەی راگەیاندبوو "گفتوگۆکان لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بەردەوام دەبن، هەوڵەکانیش بۆ پێکهێنانی حکومەت جدین."

وتیشی "پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا لەسەر هێڵە".

## کارکردن لە چەند پڕۆژەیەکی سلێمانی دەستپێکردەوە

سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاری و شارەوانییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، وەزارەتی پلاندانانی هەرێم رەزامەندی لەسەر دەستپێکردنەوەی چەند پڕۆژەیەک لە سلێمانی داوەو بەشێکی ئەو پڕۆژانەش نۆژەنکردنەوەی خوێندنگەیە.

خەدیجە عەبدولجەبار، سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە وێستگە نیوزی راگەیاند: لە ساڵی 2018دا هیچ پڕۆژەیەکی نوێ لە سلێمانی نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام لە 2014دا نزیکەی 68 پڕۆژەی تەشغیلی گرێبەستیان بۆ کراوە کە خۆیان لە پاککردنەوەی شارو ئامادەکردنی خواردن بۆ نەخۆشخانەکان و سیانەکردنەوەی رێگاو بان و شەقامەکان و چەند بوارێکی دیکە دەگرێتەوە، واتا پڕۆژەی ستراتیژی نین.

ئەوەشی خستەڕوو: ئەو پڕۆژانەشی خراونەتەوە بواری جێبەجێکردن پێشتر وەزارەتی پلاندانان داوای ریزبەندی پڕۆژەکانی کردووە لە هەموو بوارەکان، پارێزگاکان و شارەوانییەکان و هەموو بوارەکان، ئەوەش هەموو لای وەزارەتی پلاندانانە، وەزارەتی پلاندانانیش بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی خۆی دایناوە زیاتر ئەو پڕۆژانەی سەدا 60 یان تەواو بوون و هەر جارەی بە گوژمەیەک دەیانخاتەوە بواری جێبەجێکردنەوە.

وتیشی: "ئێستا نزیکەی 10 خوێندنگە کە پێشتر سەدا 60یان تەواو بوو بوون کارکردن تیایاندا دەستپێکردووەتەوە."

## پارێزگاری کەرکوک دەستخۆشی لە عادل عەبدولمەهدی دەکات

وێستگە نیوز

پارێزگاری کەرکوک بە وەکالەت داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد پەلە بکەن لە لابردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی "پشێوی" و فەرمانەکانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عیراق بەخێرایی جێبەجێ بکەن.

راکان سەعید جبوری، پارێزگاری کەرکوک بە وەکالەت ئاشکرایکرد کە دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەندێک شەقامی کەرکوک، هەرزوو پەیوەندییان بە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عیراقەوە کردوە.

جبوری رایگەیاندوە کە شەوی رابردوو ئیدارەی پارێزگاکە بانگەوازێکی دەرکرد و دەستیانکرد بە پەیوەندیی بەردەوام، ئەوەش وەک پارێزگارە عەرەبەکەی کەرکوک دەڵێت لەپێناو "پەرۆشیی گەورە بۆ ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی کەرکوک کە دوای زیاتر لە ساڵێک لە هەڵکردنی ئاڵای عیراق تیایدا بەرقەرار بووە"

پارێزگاری کەرکوک سوپاس و ستایشی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عیراقی کردوە بۆ خێرا بەدەمەوەهاتنی بانگەوازەکەی و رایگەیاندوە کە فەرمانەکەی سەرۆک وەزیران نیشانەی ئیدارەدانێکی سەرکەوتوو و پەرۆشییەتی بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی کەرکوک.

راکان جبوری داواشی لە هێزە ئەمینیەکانی کەرکوک کردوە پەلە بکەن لە لابردنی "دیاردەکانی پشێوی" لە شارەکە و بەپێی راسپاردنەکانی سەرۆک وەزیران، پشتیوانی لە ئاسایش و سەقامگیریی هاوڵاتیانی کەرکوک بکەن.

رۆژی چوارشەممە 9ی کانوی دووەمی 2019، نوسینگەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عیراق بڵاویکردووە، "سەرۆک وەزیران، پەیوەندی بەپەلەی لەگەڵ سەرۆک کۆماری عیراق ئەنجامداوە کە پارێزەری دەستووری عیراقییە و شەونخوونی دەکات بۆ زامنکردنی پابەندبوون بەدەستوورەوە. هەروەها پەیوەندی بە ژمارەیەک سەرکردە سیاسییە جیاوازەکانیشەوە کردووە و رێنماییکردووە بەهێنانە خوارەوەی ئاڵای کوردستان لەسەربانی بارەگای حزبە سیاسییەکان لە کەرکوک، چونکە ئەم کارە پێچەوانەی دەستوورە"

سەرۆک وەزیرانی عیراق بەگوێرەی بەیاننامەکە جەختیکردووەتەوە کە "باشترین رێگا ئەوەیە کە پرس بەدادگای باڵای فیدراڵی عیراقی بکرێت لەبارەی دەستووری بوونی ئەم هەنگاوە بەر لە جێبەجێکردنی، ئەگەر ویستمان رێز لە دەستوور بگرین کە هەموو لایەنێک بانگەشەی بۆ دەکەن."

لە راگەیەندراوەکەدا زیاتر هاتووە "بەشێک لەسیاسەتوانەکان لەمیانی پەیوەندیکردنی سەرۆک وەزیران، پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە کەرکوک ناوچەی کێشە لەسەرە و مافی ئەوەیان هەیە ئاڵای هەرێمیش هەڵبکەن، بەڵام سەرۆک وەزیران جەختیکردووەتەوە کە کەرکوک ناوچەی کێشە لەسەرە و دەکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورانەی کە دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دایڕشتووە و دۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناکرێت هیچ گۆڕانکارییەک بەسەریدا بێت تا ئەو کاتەی لە رێگەی دەستوورەوە یەکلایی دەکرێتەوە، بەڵام هەڵکردنی ئاڵا و لۆگۆی هەموو حزبە سیاسییەکان ئاساییە و پێشێلکاری دەستوور نییە"

شەوی سێشەممە 8ی کانونی دووەمی 2019، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکوک لە مەڵبەندی دوو و تەواوی بارەگا حزبیەکانی ئاڵای کوردستانی لە پاڵ ئاڵای حزبەکەی هەڵکرد و ئەو کارەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەپێی دەستوور، کەرکوک ناوچەی کێشە لەسەرەو تا چارەنووسی یەکلایی دەبێتەوە دەکرێت ئاڵای کوردستانیش لە پاڵ ئاڵای عیراق هەڵبکرێت ئەو هەنگاوەی یەکێتیش کاردانەوەی لە ناوخۆی عیراق لێکەوتەوە، رێکخراوی بەدر لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک لەلایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە هاتەدەنگ و رەخنەی توندی لێگرت.

مانگی رابردوویش لەرۆژی ئاڵادا حزبی شیوعی ئاڵای کوردستانیان لەسەر بارەگاکەیان هەڵکرد، بەڵام دوای دوو کاتژمێر بەفشاری دژەتیرۆری عیراق ناچاربوون جارێکی دیکە دایبگرن.

لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرو کشانەوەی پێشمەرگە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان، هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عیراق و دژە تیرۆر رێگەیان بە هێزە کوردییەکان نەدەدا ئاڵای کوردستان لە کەرکوک هەڵبکەن.

# دۆخی کەرکوک بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات

## یەکێتی "تاکلایەنە بڕیاردەدات" و پارتیش "شیعەکان هاندەدات"

شارپرێس
سارچاوەیەکی بەرپرس لە کەرکوک رایگەیاند، دۆخی پارێزگای کەرکوک بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، ئەوەش بەهۆی "بڕیاری تاکلایەنەی یەکێتی" بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر بارەگا حزبیەکانی لە شارەکە و "هاندانی شیعەکانی عێراق لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە"

سەرچاوەیەکی باڵای بەرپرس لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کەرکوک لە لێدوانێکی تایبەتدا بە شارپرێس-ی راگەیاند، "ئێستا دوخی کەرکوک بەرە و ئاڵۆزی دەڕوات، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تاکلایەنانە یەکێتی نیشتمانی بە بریارێک ئاڵای کوردستانی لەسەر بنکەو بارەگا حزبییەکانی بەرز کردەوە" ئاماژەی بەوەشکرد، "گرفتەکە ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێگەی هەندێک بەرپرسی بەغداوە هانی لایەنە شیعییەکان دەدات بۆ ئەوەی ئەوە قبوڵ نەکەن کە بە بریاری یەکێتی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک بەرزبکرێتەوە."

شەوی سێشەممە 8-1-2019 ئاڵای کوردستان لەسەر بارەگا حزبییەکانی یەکێتی لە شاری کەرکوک هەڵکرا، ئەوەش نارەزایی توندی لایەنە شیعی و سوننییەکانی لێکەوتەوە، هاوکات پارێزگاری شارەکەش راگەیەندراوێکی هەڕەشە ئامێزی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە.

بەپێی وتەی هەندێک لە چاودێران بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە "وەک نیشاندانی کارتێکی حزبیە و یەکێتی دەیەوێت بەکاریبهێنێت" لەبەرامبەر ئەو دۆخەی لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 ەوە دروستبووە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە. هەندێک لە دانیشتوانی کەرکوک ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئێستا ئامادەکاری باش هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر عێراق فشار بکات بۆ داگرتنی ئاڵای کوردستان، ئەوا خۆپیشاندان لەناو شار ئەنجامدەدرێت، بۆیە "ئەگەری لێکەوتنەوەی توندوتیژی لەئارادایە"

سەرچاوەکەی شارپرێس کە لەبەر هەستیاری بابەتەکە پێی باش نەبوو ناوی بوترێت وتیشی، "کاری پارتی ئێستا هاندانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراقە بۆ ئەوەی ئەوە قبوڵ نەکات و لە رێگەی نوێنەرەکانی پاتییەوە پێیان راگەیاندوە، ئەوەی لە کەرکوک روودەدات ئیحراجی بۆ پارتی دروست کردوەو ئێمە قبوڵی ناکەین حکومەتی عێراق بەرامبەر بەم کارەی یەکێتی بێدەنگ بێت"

زانیارییەکانی شارپرێس ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لایەنە عێراقییەکان لەسەر پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نەگەنە رێککەوتن ئەوا "ئەگەری ئەوە هەیە بەغدا هێزی زیاتر رەوانەی شاری کەرکوک بکات"

هاوکات هێزەکانی ئەمەریکا و چەند لایەنێکی دیکەی پارێزگاکە لە هەوڵی ئەوەدان رەوشەکە ئارامبکرێتەوە و کار نەگاتە ئەوەی هێز لە دژی یەکتر بەکاربهێنن .

رۆژی چوارشەممەش راکان جبوری، پارێزگاری کەرکوک بەوەکالەت لە راگەیەندراوێکدا هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە لەسەر بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکوک بە موزایەدەی سیاسی ناوبرد و داوای ناردنی هێزی زیاتر لە بەغداوە بۆ شارەکە کرد .

ئابوری داوای لە بەرپرسانی یەکێتی کرد، ئاڵای کوردستان لەسەر بارەگای حیزبەکەیان لە کەرکووک داگرنە خوارەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و رایگەیاند، "ئەوەی روویداوە و خوانەخواستە روودەدات لە ئەستۆی ئەوانە."

## وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن هۆشداری دەدات لە خاوبوونەوەی هێڵەکانی ئینتەرنێت

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی خاوبوونەوەی هێڵەکانی ئینتەرنێت لەشەواندا، کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت ئاگاداردەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە هەوڵەکانی خۆیان بخەنەکار.

ئومێد محەمەد سالح، وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: "خاوبوونەوەی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە شەواندا، بەشێکی پەیوەندیی بەگرفتی تەکنیکی کۆمپانیاکان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە بەشداربووان ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان بکەین."

راشیگەیاند: "بەشێکی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە رێی سیستمی بێ سنوورەوە خزمەتگوزارییەکان دەگەیەننە بەشداربوانیان و بەشێکی دیکەیان لە رێی سیستمی ADSL و WI-FI و ئەو سیستمەی دوایی تارادەیەک خاوبوونەوەی هەیە."

وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دەڵێت: "هەر کۆمپانیایەکی بواری ئینتەرنێت ئەگەر پابەند نەبوو بە چاکسازی لە تۆڕەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ بەشداربووانی، رێوشوێنی یاسای لە بەرامبەر پەیڕەو دەکرێت تا دەگاتە ئاستی سزادانیان."

بەهۆی خاوبوونەوەی بەشێک لە هێڵەکانی ئینتەرنێت بە تایبەت لە شەواندا هاوڵاتییان نارەزایی دەردەبڕن و پێیان وایە بایی ئەو پارەیە خزمەتگوزارییان پێنادات کە مانگانە دەیدەنە ئەو کۆمپانیایانە.

## 58 منداڵی داعش لەزیندانەکانی هەولێرن

**«نووسراومان کردووە بۆ بەغدا تا ئەو مناڵانە سزاکانیان لەگرتووخانەکانی موسڵ تەواوبکەن»**

58 مناڵی داعش لەزیندانەکانی چاکسازی هەولێردان و حکومەتی هەرێم نوسراوی بۆ بەغدا کردووە تا سزاکانیان لەگرتوخانەکانی موسڵ تەواوبکەن ئەوەش لەسەر داوای کەسوکارەکانیان بووە.

زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان بەهاوڵاتی وت «کاتێک کە ئۆپەراسیۆنی موسڵ دەستی پێکرد کۆمەڵێک لەمناڵانی داعشیان دەستگیرکردبوو لەخواروی موسڵ بۆ کەمپی دیبەگە«.

رێکخراوی هیومان رایتس ووچ، دوێنێ لە راپۆرتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە منداڵە زیندانیکراوەکانی ئەشکەنجەداوە بۆ ئەوەی دان بەپەیوەندیان لەگەڵ داعشدا بنێن.

زیا پترۆس وتی «ئەو مداڵانە لەلەلان هێزی شەعبی نیشتمانی (سوننەکان) ئەشکەنجە درابوون، دواتر تەسلیمی هێزەکانی ئاسایشی هەرێم کرابوون».

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە راپۆرتەکەیدا کە دوێنێ 8ی کانونی دووەمی 2019 بڵاویکردووەتەوە، نووسیویەتی «حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا منداڵە زیندانیکراوەکان دان بە پەیوەندیان لەگەڵ داعشدا بنێن، ئەشکەنجەیان دەدات، لەمنداڵەکان دەدرێت و کارەبایان لێدەدەن».

ڕێکخراوەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند منداڵێک ئەنجامداوە کە ‹‹بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ داعش لەهەرێمی کوردستان دەستگیرکراون و منداڵە دەستگیرکراوەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە لەزیندانەکان ئەشکە نجەدراون››.

هەروەها ئاماژە بەوەشدراوە 63 منداڵ لەزیندانییەکی هەولێر بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندیان لەگەڵ داعش دە ستگیرکراون لەنێویاندا 43 منداڵ بەم تۆمەتە تاوانبارکراون.

ڕێکخراوەکە ئاماژەی بەوەکردووە پەیوەندیان بە دیندار زێباری، بەرپرسی لیژنەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودە وڵەتییەکان کردووەو زێباری پێی ڕاگەیاندوون، ‹‹هێزە ئەمنییەکانی کوردستان ڕێگەیان پێنەدراوە ئەشکەنجەی زیندانییەکان بدەن، ئەگەر زیندانییەکیش ئەشکەنجەدرابێت، زیندانییەکە مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆماربکات».

زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان ئەوەی خستەڕوو پاش ئەوە ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە کەئەمانە توشی ئەشکەنجە بونەتەوە بەشێوەی جۆراوجۆر.

وتی «بۆخۆم سەردانی چاکسازی نەوجەوانان و ژنانم کرد لەهەولێر، دیاربوو هیومان ڕایتس وۆچ ئەو وە ختە لەگەڵ حەوت مناڵ دانیشتبوو ئیفادەیان وەرگرتبوو، بەڵام بۆخۆم لەگەڵ زیاتر لە 115 کەس دانیشتم یەک بەیەک کە ژمارەیان 209 مناڵ بوون، بۆمان دەرکەوت ئەمانە لەحەشدی نیشتمانی سوننەکان ئەشکەنجە درابوون، لەکەمپیش توشی ئەشکەنجە بووبون».

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد بەدواداچونیان کردووە لەو 209 مناڵە زۆربەیان دەرچوون و پەیوەندیکردنیان بەداعش لەسەریان نەچەسپاوە و ڕادەستی کەسوکاریان کراونەتەوەو تەنها 58 لەو مناڵانە ئەو تۆمەتەیان لەسەر چە سپاوە لەچاکسازی ژنان و نەوجەوانانن و لەناو چاکسازییەکان ئەشکەنجەدان نییە.

هەروەها وتی «ئەشکەنجەدان لەقۆناغی لێکۆڵینەوە هەیە لەئاسایش و پۆلیس، بەڵام پاش حکومدان ئەشکەنجە دان نیە«.

ناوبراو ئەوەشی ڕونکردەوە لەسەر داوای کەسوکاری ئەو مناڵانە نوسراویان کردووە بۆ بەغداو لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی بەغدا گفتوگۆیان کردووە کە پێویست ناکات لێرە بمێننەوە بەڵکو بگەڕێندرێنە وە بۆ گرتوخانەکانی موسڵ و لەوێ سزاکانیان تەواوبکەن، بەڵام نازانین »هیومان ڕایت وۆچ لەسەر چ بنەمایە ک ئەم ڕاپۆرتەیان نوسیوە، چونکە لەچاکسازییەکاندا ئەشکەنجەدان نییە«.

## فیلمێکی کوردی کێبڕکێی فیلمەکانی هۆڵیوود دەکات

دوارۆژ

فیلمی کوردی (16ی سێ) لە دەرهێنانی دانی دارین، لە کێبڕکێدایە لەگەڵ فیلمەکانی هۆڵیوود بۆ وەرگرتنی خەڵات.

دانی دارین، دەرهێنەری فیلمەکە بە دوارۆژی ڕاگەیاند: فیلمی 16ی سێ تائێستا 30 خەڵاتی لە ڤێستیسفاڵە گەورەکانی جیهان وەرگرتووە و ئێستایش شان بە شانی فیلمەکانی هۆڵیوود لە پێشبرکێدایە بۆ چوار خەڵات لە نەشناڵ فیلم ئەوۆرد لە لەندەن بۆ باشترین سیناریۆ، فیلمی سەربەخۆ، فیلمی درێژو پۆلیسی.

دارین دەڵێت: "فیلمەکە تائێستا 32 نۆمەنەیشنی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، نۆمەنەیت واتە ئەو فیلمانەی کە هەڵبژێردراون و دەچنە قۆناغی کۆتایی، بەڵام دوای ئەو قۆناغە جارێکی دیکە، باشترین فیلمە باشەکان لەلایەن

دەنگدەرانەوە (هاووڵاتیان و لێژنەی دادوەران) هەڵدەبژێردرێن، ئەمەش بۆ یەکەمجارە فیلمێکی کوردی بگاتە ئەو قۆناغە."

دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکەیش، دەرهێنەر دەڵێت: "فیلمەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی باس لە کارەساتی هەڵەبجەی شەهید و ململانێی سیاسەتمەدارەکان دەکات کە چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤە بێتاوانەکان هەیە. ئەم فیلمەکە ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی تاوانی هەڵەبجە بە هونەرمەد و هونەردۆستە ناودارەکان."

دانی دارین خەڵکی قەڵادزێیە و ماوەی 11 ساڵە لە لەندەن دەژی و تائێستا کاری دەرهێنانی بۆ چەندین فیلمی سینەمایی کردووە.

## دەرچووانی تواناسازی: سامانە سروشتییەکان ئامادەنییە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت جێبەجێبکات

دوارۆژ

نوێنەری کاندیدانی دەرچووی تواناسازی رایدەگەیەنێت: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئامادەنییە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت بۆ خەرجکردنی بڕی 10 ملیار دۆلار بۆ دەرچووانی تواناسازی جێبەجێبکات.

دەستەی کاندیدانی دەرچووانی تواناسازی لە راگەیاندراوێکدا دەڵێت: حکومەتی هەرێم بەهۆی قەیرانی دارایی تەواوی پارەی ژیان و خوێندنی خوێندکاران لەسەر هەژماری بانکی منارە راکێشا و وەک قەرز بردی، دواتر بەڵێندرا دوای باشبوونی بارودۆخی دارایی یەکەم توێژ ئێمە بین قەرزەکان وەرگرینەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەم بەڵێنە و دوای ئەم هەموو قەرز و بارگرانیەی خرایە سەرشانی خوێندکاران لەدەرەوەی وڵات بەداخەوە تائێستا حکومەت دەستی دەستی بە زیاتر لە هەزار خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا دەکات.

دەستەی کاندیدانی دەرچووی تواناسازی، دەشڵێن: "تەنانەت دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە واژووی سەرۆکی حکومەت دووجار نوسراوی خەرجکردنی پارە دەردەکات بە ژمارەکانی 1161 لە 6/3/2017 و 2449 لە 29/5/2018، هەروەها نوسراوی دارایی ژمارە 627472 لە 4/7/2018، بەڵام وەزیری سامانە سروشتیەکان زۆر بێباکانە ئامادەنییە کار بەم نوسراوانە بکات و قەرزەکە بگەڕێنێتەوە، لەکاتێکدا زۆربەی چین و توێژەکان قەرزی خۆیان وەرگرتەوە لە حکومەت."

سامان عومەر، نوێنەری سەرجەم کاندیدانی دەرچووی تواناسازی بە دوارۆژی راگەیاند: دووجار سەرۆکی حکومەت نووسراوی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کردووە بۆ ئەوەی پارەی کاندیدانی دەرچووی تواناسازی خەرجبکرێت کە بڕەکەی 10 ملیۆن دۆلارە، بەڵام وەزیری سامانە سروشتییەکان بڕیارەکە جێبەجێ ناکات.

وتیشی: "بەهۆی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان، بڕی 20 ملیۆن دۆلار بۆ کاندیدان خەرجکراوە و بەڵێندرابوو پێش سەری ساڵ 10 ملیۆن دۆلارەکە خەرجبکرێت، بەڵام تائێستا خەرجنەکراوە."

## لایەنە کوردییەکان دەیانەوێت گفتوگۆکانیان لەگەڵ دیمەشق بەئەنجامبگا

شارپرێس
بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات، کە لەچەند لایەنێکی کوردی پێکهاتوون، دەیانەوێت گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی دیمەشق بەئەنجام بگات.

لایەنە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ شاندی سوری بەسەرۆکایەتی جێگری وەزیری دەرەوە فەیسەڵ میقداد ئەنجامداوە، ئەوەش بۆ تاوتوێکردنی دۆخی رۆژئاوای کوردستانو ئەو ناوچانەی باکووری سوریا بەدەست هێزە کوردییەکانەوەیە بەپێی سەرچاوەکان هەردوولا لەگفتوگۆکانیان بەردەوامی هەیەو لایەنە کوردییەکانیش گفتوگۆکانیان بە ئیجابی وەسفکردووە، بۆیە بەردەوامی پێدەدەن،

کە رەنگە لەچەند رۆژی داهاتوو ئەنجامەکەی رابگەیەنرێت.

گفتوگۆی لایەنە کوردییەکانو لایەنی سوری دوای ئەوە دەستیپێکردووە، کە رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشەی کرد، هێرش دەکاتە سەر ئەو ناوچانەی بەدەست هێزە کوردییەکانە لەباکووری سوریا.

# عێراق

## پاش عێراق.. 13 شاندی عەرەبی بەنهێنی سەردانی ئیسرائیل-یان کردووە

شارپرێس:
وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل پاش دەنگۆی هاتنی پێنج شاندی عێراق بۆ ئیسرائیل ئاشکراکرد، ئەمجارە دەنگۆی هاتنی 13 شاندی وڵاتانی عەرەبی، کە پەیوەندی دیپلۆماسیانەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە ئاشکراکردووە.
ڕاگەیاندنەکانی ئیسرائیل لەزاری "حەسەن کەعبیە" وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکەن، شاندە عەرەبییەکان لە وڵاتانی دەوروبەری کەنداو، ئەردەن، یەمەن، مەراکیش، جەزائیر، تونس، سوریاو لوبنان بەنهێنی سەردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیسرائیلیان کردووە و کەسانی جۆراوجۆریش لەم شاندانەدا بوون.
ئەو هەروەها وتی: ئێمە بەرژەوەندی هاوبەشمان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو کەنداودا هەیەو لەگەڵ تیرۆردا پێکەوە دەجەنگین، ئاماژەی بەوەشکرد، 13 شاند لەوڵاتانی عەرەبی، کە پەیوەندی دیپلۆماسیانەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، هاتوونەتە نێو ئیسرائیلەوە.

ئەم وتانەش لەکاتێکدا دێت، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بانگەشەی سەردانی پێنج شاندی عێراقی بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی ئیسرائیلی پشتڕاست کردبووەو جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش، داوای لەوەزارەتی دەرەوەی عێراق کرد، لێکۆڵینەوە لەبارەی سەردانکردنی شاندە عێراقییەکان بۆ ناوچەکانی ئیسرائیل بکەن.

## سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاندووە، ئاگای لە جێگیربوونی هێزە نوێیەکانی ئەمریکا نیە لە عێراقدا

ژیان

لە میانەی کۆنفرانسی هەفتانەی خۆیدا عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا و هێزە بیانییەکان لە عێراق کەمیکردووە کە لە نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش کار دەکەن.

وتیشی: تا ئێستا هیچ زانیارییەکی نوێم نیە سەبارەت بە جێگیرکردنی هێزی نوێی ئەمریکا لە عێراق

سەبارەت بە گواستنەوەی دۆسیەی ئەمنی لە وەزارەتی بەرگرییەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، عەبدولمەهدی هیوای خواست ئەو کارە لە هەندێک لە پارێزگاکانی عێراق جێبەجێ بکرێت.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو پرسی جێگیربوونی هێزێکی ئەمریکی لە بنکەی سەربازی کەی وانی کەرکوک کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە لە نێو میدیاعێراقییەکاندا.

## تەرمی وێنەگرێکی کەناڵی الحره العراق دەدۆزرێتەوە

ئاوێنە

تەرمی وێنەگرێکی کەناڵی الحره العراق دەدۆزرێتەوە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق تەرمی "سامر عەلی شەکارە" لەرۆژهەڵاتی شاری بەغدا دەدۆزنەوە.

سەرلەبەیانی ئەمرۆ "پێنج شەممە" هێزە ئەمنییەکانی عێراق توانییان تەرمی "سامر عەلی شەکارە" وێنەگری کەناڵی "الحره العراق" ی کە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتیوانی لێ دەکات لەسەر ڕێگەی گشتی لەرۆژهەڵاتی شاری بەغدا بدۆزنەوە، ئاشکراشیدەکەن شوێنەواری فیشەک بەسەر سەریەوە دیارە، لەئێستاشدا پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ روداوی کوشتنی ئەو رۆژنامەنوسە کراوەتەوەو تەرمەکەشی رادەستی پۆلیس کراوە.

## پۆمپیۆ گەیشتە بەغدا و دواتر سەردانی هەولێری کرد

سبەی

مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەسەردانێکی پێشتر ڕانەگەیەندراو گەیشتە بەغداد و لەگەڵ هەر یەک لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق و بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆمار و چەند بەرپرسێکی دیکە کۆبویەوە. دواتریش بە سەردانێکی خێرا گەیشتە هەولێر.

مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەمرۆ چوارشەممە لەڕێگەی فڕۆکەیەکی سەربازییەوە گەیشتە بەغداد و بە جیا لەگەڵ هەریەک لە بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری عێراق و محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیران و عەلی حەکیم هاوتا عێراقییەکەی کۆبوەوە. دواتریش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەیشتە هەولێر و لەگەڵ هەر یەک لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و مەسرور بارزانیی کوڕی و نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی کۆبووەوە.

سەردانەکەی پۆمپیۆ بۆ عێراق خێرا بو و بەبێ ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هیچکام لە بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کۆتایی پێهات.

سەبارەت بە ئامانجی سەردانەکەی، پۆمپیۆ لە ئەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بڵاویکردوەتەوە کە هاوکات لەگەڵ گەیاندنی پیرۆزبایی پێکهێنانی حکومەت و پاڵپشتیی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەردولا، جەختی لە ئەنجامدانی کاری هاوبەش و پشتیوانیکردنی سەربەخۆیی وزەی عێراق کردوەتەوە.

## کۆمسیۆن بەشێک لە حزبەکان ئاگاداردەکاتەوە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەو حزبانە ئاگاداردەکاتەوە کە بەشێوەی مەرجدار مۆڵەتیان پێدراوە بۆ ئەوەی لەعێراق کاربکەن.

کۆمسیۆن لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، ئەو حزبانەی بەشێوەی مەرجدار مۆڵەتیان پێدراوە دەبێت سەردانی فەرمانگەی کاروباری حزبەکان بکەن بۆ تەواوکردنی ئەو مەرجە پێویستانەی بۆیان دیاریکراوە، بەمەرجێک لە 30 ڕۆژ تێپەڕنەکات، بە پێچەوانەوە ڕێوشوێنی یاساییان بەرانبەر دەگیرێتە بەر.

جەختیشیکردووەتەوە، داواکاری تۆمارکردنی ئەو حزبانە هەڵدەوەشێنرێتەوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ سەردانی لایەنی پەیوەندیداریان نەکردووە.

## بڕیارێکی نوێ لەبارەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلەوە دەرکرا

دوارۆژ

دەستەی دەروازە سنورییەکانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە ئاشکرایکرد: نووسینگەی سەرۆک وەزیران ڕەزامەندیداوە لەسەر هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زیان پێنەگەیشتوو.

عەلائەدین قەیسی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی وەزیران، ڕەزامەندی داوە لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن دەستەکەمانەوەی دەگیردرێتەبەر سەبارەت بە هاتنەناوەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەی زیان پێنەگەیشتوو لە دەروازە دەریایی و وشکانییەکانەوە."

دەشڵێت: "ئەم پاڵپشتییەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران دوای ئەوە دێت، کە دەستەی دەروازە سنورییەکان پێشتر لە کۆبوونەوەی خۆیدا دەنگیدا لەسەر هاتنەناوەوەی ئۆتۆمبێلی زیان پێنەگەیشتوو و جیاکردنەوەیان لەگەڵ زیان پێگەیشتوو و بەکارهاتوودا، بەمەستی هاوردەکردنی و بەرزکردنەوەی ئەو ڕێنماییە و گشتاندنی بەسەر دەروازەکاندا لە چوارچێوەی مۆڵەتی هاوردەکردندا."

روونیشیدەکاتەوە: سەرەڕای مۆڵەتی هاوردەی ئۆتۆمبێل پێویستە ئەو ئۆتۆمبێلانە ڕەزامەندی لیژنەی پشکنینی دەروازەکانی هەبێت، بەمەبەستی هاتنەناوەوەی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووی زیانپێنەگەیشتوو.

پێشتر دەستەی دەروازە سنوورییەکان لە 28ی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، بڕیاریدا ڕێگە بە ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووی زیان پێنەگەیشتوو بدرێت هاوردەبکرێت.

# کۆبۆنی خۆراک دەکرێتە دیجیتاڵی

نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عیراق دەستپێکردنی پرۆژەیەکی بۆ پەرەپێدانی بەشەخۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان راگەیاند.

لەم رووەوە نێردەکە لە راگەیەندراوێکدا کە کۆپیەکی بۆ PUKmediaنێردراوە راگەیاندووە، بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عیراق دەستپێشخەرییەکی بۆ گۆرینی کۆبۆنی خۆراکی مانگانە بۆ سیستمی دیجیتاڵی راگەیاندووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە کە قۆناغی یەکەمی بە دیجیتاڵیکردن دەگاتە نزیکەی 1.3ملیۆن کەس لە بەغداو دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەریان.

راگەیەندراوەکە روونیشکردووەتەوە کە سیستمی گشتی دابەشکردن) کۆبۆنی خۆراک (گەورەترین تۆڕی پارێزراوی کۆمەڵایەتیە لە عیراق کە بەشەخۆراکی نزیکەی هەموو دانیشتوانی عیراق دابیندەکات و خزمەت بە 39ملیۆن کەس دەکات.

راگەیەندراوەکە ئەوەشیخستووەتەڕوو کە بەرنامەی خۆراکی جیهانی پاڵپشتی تەکنیکی پێشکەش بە حکومەتی عیراق دەکات کە بە نیازە تەکنۆلۆجیای دەستنیشانکردنی ناسنامەو دانانی داتابەیسێکی دیجیتاڵی بۆ زانیارییەکانی هاووڵاتیان بەکاربهێنێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی ماوەی مامەڵەکان و پێشکەکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان بەدیهێنانی زۆرترین رادەی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی حکومەت.

راگەیەندراوەکە زیاتر روونیشیکردووەتەوە کە ئەو دەستپێشخەریە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی حکومەت بە باشترین شێوەو بەدەستهێنانی بەشەخۆراکی هاووڵاتیان بەکارایی، لەخۆدەگرێت.

سەرنجی بۆ ئەوەش راکێشاوە کە حکومەت هاوکاری بەرنامەی خۆراکی جیهانی هەنگاودەنێت بۆ سیستمی دیجیتاڵی کە تێیدا داتای هاووڵاتیان بەکۆد دەپارێزرێت و کۆدەکرێتەوەو پارێزراوی زانیاریە کەسیەکان و دەتنیشانکردنی ناسنامە لەرێی بەکارهێنانی پەنجەمۆر یاخود گلێنەی چاوەوە دەبێت، ئەمکارەش بوار بۆ حکومەت دەرەخسێنێت کە تۆمارە دووبارەکان دەستنیشان بکات و لایان ببات و لەکاتی دابەشکردنی خۆراکیشدا رێوشوێنی دڵنیابوون لە ناسنامە بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای بایۆمەتری پەیرەوبکات، ئەم سیستمە نوێیەش شوێنی سیستمەکەی ئێستا دەگرێتەوە لەسەر کاغەز لە کۆکردنەوەو تۆمارکردن و پاراستنی داتاکاندا.

بەپێی پرۆژەکە بەرنامەی خۆراکی جیهانی ئەپلیکەیشنێکی مۆبایل دیزاین دەکات بەناوی MYPDSکە هاووڵاتیان دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەشەخۆراکەیان لەگەڵ نوێکردنەوەی زانیاریی خێزانەکانیان وەک (هاوسەرگیری یان لەدایکبوون و مردن) ئەویش لەرێی مۆبایلەوە.

راگەیەندراوەکە ئەوەشی تێدا هاتووە کە محەمەد هاشم وەزری بازرگانی عیراق لە رێورەسمی راگەیاندنی پرۆژەکەدا وتویەتی وەزارەت هەوڵدەدات داتاکان نوێبکاتەوە هاووڵاتیان بەشداری لە پرۆسەی نوێکردنەوەکەدا بکەن ئەویش دوای دانانی ئەو رێگەچارە تەکنۆلۆجیانەی پێداویستی هاووڵاتیان دابیندەکەن.

# ناوچەکەو جیهان

## روسیا و ئەڵمانیا لەسەر سوریا رێککەوتن

سبەی
کۆشکی کرێملین لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد ئەنگێلا مێرکل و ڤلادیمیر پوتن بە تەلەفۆن سەبارەت بە سوریای دوای کشانەوەی ئەمەریکا گەیشتونەتە رێککەوتن. کۆشکی سەرۆکایەتی روسیا (کرێملین) لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردوەتەوە؛ ئەنگێلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا و ڤلادیمیر پوتن سەرۆکی روسیا بە تەلەفۆن گفتوگۆیان کردوە لەسەر دۆخی سوریا دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا و هەردولا کۆک بون لەسەر گۆڕانکاریی لە دەستوری ئەو وڵاتەدا.

لە بەیاننامەکەی کرێملیندا هاتوە: هەردولا ئامادەییان دەربڕیوە هاوشانی نەتەوەیەکگرتوەکان هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا بدەن و لەسەر نەخشەرێگەیەکی سیاسی بۆ ئەو وڵاتە لە درێژماوەدا هاوکاریی یەکتر بکەن.

ئەنگێلا مێرکل و ڤلادیمیر پوتن گفتوگۆیان کردوە لەسەر دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش بە مەبەستی پێداچونەوە بە دەستوری سوریا دوای کۆتایی جەنگ لەو وڵاتە. گفتوگۆکانی مێرکل و پوتن لە کاتێکدا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاندوە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا دەکشێنێتەوە و ئەمەش کاردانەوەی جیهانی و ناوخۆیی بەدوای خۆیدا هێنا، لەیەکەم کاردانەوەشدا ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا رایگەیاند؛ هەوڵەکانیان لە سوریا بۆ ئاشتی دەخەنەگەڕ و هەوڵی پاراستنی کورد و هاوپەیمانەکانیان دەدەن.

## ئەمەریکا سزای نوێ بەسەر ڤەنزوێلادا دەسەپێنێت

شارپرێس:
حکومەتی ئەمەریکا جارێکی دیکە سزاکانی بەسەر خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ڤەنزوێلا سەپاندەوە و بەتاوانی بەدەستهێنانی ملیارەها دۆلار لە بازاڕی ڕەشی دراودا.
چەند ڕۆژێک پێش لەدەستبەکاربوونی نیکۆلاس مادورۆی سەرۆکی فەنزویلا بۆ قۆناغێکی نوێی سەرۆکایەتی، ئەمەریکا بەڵێنیدا سزا گەورە بەسەر کەسە نزیکەکانی مادورۆدا بسەپێنێت.

جۆن بولتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی نوسیویەتی، هەنگاوی ئەمڕۆی گەنجینەی ئەمەریکا هەنگاوێکی بەهێزە لە جێبەجێکردنی سزاکان بەسەر پشتیوانیکەرانی گەندەڵکاری نیکۆلای مادۆرۆدا بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، ئەو کەسانەی سزاکانیان بەسەردا سەپێندراوە ئەوانەن کە دۆلارەکانیان بەرزتر لە نرخی دیاریکراوی حکومەت، لە بازاڕی ڕەشدا ساغکردووەتەوە.
وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا رایگەیاندووە، ئەو کەسانە بڕی زیاتر لە 2.4 ملیار دۆلاریان دەستکەوتووە و لەبانکەکانی ئەمەریکا و ئەورووپادا خستوویانەتە کارەوە و قازانجی لێوە بەدەستدەهێنن. ئێستیڤن میونشێن، وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا رایگەیاند، هەنگاوەکانی ئێمە دژی ئەم تۆڕەی ئاڵوگۆڕی دراو، هۆکارەکەی ئەوەبوو ئەو کەسانەی بەرێگای نایاسیی قازانجی گەورەیان بەدەستهێناوە.

وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا هەروەها تەواوی موڵک و سامانی ئەم کەسانەی داخستووە و سزاشی بۆ ئەوانە دەرکردووە کە لە کاروباری گواستنەوەی ئەم موڵک و سامانانەدا هاوکاری ئەوان بوون. لەبارەی سزا نوێیەکانیشەوە جێگری سەرۆکی ڤەنزوێلا ئەو سزایانەی ئەمەریکای ئیدانە کرووە و رایگەیاندووە، ئەمەریکا تەنها کارێک کە ئەنجامیدەدات سزادانە و ئەم هەنگاوانەشی تاکلایەنانە ئەنجامدەدات. وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا ڕائول گورین بلیساریۆی، خاوەنی تەلەفزیۆنی گلۆبوویژن بەتاوانی دزینی زیاتر لە ملیاردێک دۆلار، لە ڕێزی سزادراوەکاندا داناوە.

## هێرشکرایەسەر باڵیۆزخانەی ئێران لەهۆڵەندا

دوای ئەوەی هۆڵەندا بەڕەسمی ئێرانی لە تێوەگلان بە تیرۆرکردنی دوو هاوولاتی هۆڵەندی بە رەچەڵەک ئێرانی تۆمەتبارکرد، ژمارەیەک گەنجی ئەهوازی هێرشیانکردەسەر باڵیۆزخانەی ئێران لە لاهای.

میدیاکانی هۆڵەندا بلاویانکردەوە: دوێنێ ژمارەیەک گەنج لەڕێگەی بەردباران کردنەوە هێرشیانکردوەتەسەر باڵیۆزخانەکە و ئالای ئەهواز و وێنەی ئەحمەد مولی، سەرکردەی تێکۆشانی عەرەبی بۆ ئازادی ئەهوازیان هەڵکردبوو.

پێشتر ستیف بلوک، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا رایگەیاند: رژێمی ئێران لە ساڵەکانی 2015 و 2017دا عەلی موعتەمیدی، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئەندامی رێکخراوی موجاهید و ئەحمەد مولی-ی تیرۆرکردوە.

ئەوەشی ئاشکراکرد: هەواڵگری هۆڵەندا بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لایە کە ئێران تێوەگلاوە لەو دوو تیرۆرکردنە.

لە کانونی یەکەمی 2015دا موعتەمید لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شاری ئەلیمرای ناوەڕاستی هۆڵەندا تەقەی لێکراوە و کوژراوە، هەروەها لە تشرینی دووەمی 2017دا مولی لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکراوە و سێ فیشەکی بەرکەوتووە کە یەکێکیان بەر سەری کەوت و دوانەکەی دیکەشی بەر دڵی کەوتن.

مولی بزوتنەوەی تێکۆشانی عەرەبی بۆ ئازادی ئەهوازی دامەزراند کە تێدەکۆشا بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشوری خۆرئاوای ئێران کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت.

# ئابووری

## نەوت (60) دۆلاری تێپەڕاندەوە

نرخی نەوت بەرزبونەوەی بەخۆیەوە بینی و (60) دۆلاری تێپەڕاندەوە.

ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز بلاوی کردەوە؛ بەهۆی بەردەوامیی ناکۆکییە ئابورییەکان چین و بڕیاری ئۆپیک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی، نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوەتەوە و تەنها دوێنێ چوارشەممە (5%) نرخەکەی زیادی کردوە. نرخی یەک بەرمیل نەوتی ئەمەریکی (2.58) دۆلار زیادی کرد و گەیشتەوە (52.36) دۆلار، بەوەش نرخەکەی بە رێژەی (5.18%) زیادی کردوە، ئەوەش یەکەمجارە لەسەرەتای ئەمساڵەوە نرخی نەوتی تەکساس بگاتە سەرو (50) دۆلار.

نرخی نەوتی خاوی برێنتیش بە ڕێژەی (4.63%) زیادی کرد و گەیشتە (61.44) دۆلار، ئەوەش بەرزترین نرخە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تۆمار کرابێت.

## نرخی دۆلار بەرزبۆوە

بەیانی ئەمڕۆ 10ی 1ی 2019 لەکاتی کردنەوەی دەرگای بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراو لەهەرێم، بەهای دۆلار بەرزبونەوەی تۆمارکرد، لەکاتێکدا ئێوارەی دوێنێ لەکاتی داخستنی بازاڕ نرخی 100 دۆلاری ئەمریکی بەرامبەربوو بە 120 هەزار دینار.

100دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە 120 هەزارو 150 دینارە.

100یۆرۆ بەرامبەر بە 137 هەزار دینارە.

100پاوەن بەرامبەر بە 152 هەزار دینارە.

100هەزار تمەنی ئێرانی بەرامبەر بە 11 هەزار دینارە.

100لیرەی تورکی بەرامبەر بە 22 هەزارو 500 دینارە.

# بەدواداچوون

## جۆن بۆڵتن، ئەو پیاوەی ترامپی لەبڕیاری کشانەوەی بەپەلە لەسوریا پاشگەزکردەوە

شارپرێس:

گەرچی بڕیار سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوەی سوپاکەی لەسوریا شەپۆلێک ڕەخنەی بەرفراوانو تەنانەت دەستلەکارکێشانەوەی چەند بەرپرسێکی ئەمریکیشی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەی ئەمریکا کە جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکایە، بڕیاریدا ترامپ لەو بڕیارە یان پاشگەزبکاتەوە، یاخود کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەسوریا دوابخات.

بۆڵتن توشی شۆک بووە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز-ی ئەمریکی لەڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەداوە، جۆن بۆڵتن کاتێک بەهەواڵی کشانەوەی سوپای ئەمریکای لەسوریا زانیوە توشی شۆک بوە، چونکە ئەو پێشتر پێی وابووە بۆ دانانی بەربەست لەبەردەم هەژموونی ئێران لەناوچەکە، دەبێ ئەمریکا لەسوریا بمێنێتەوە.

پاش بڕیارەکەی ترامپ بۆ کشانەوە لەسوریا، بۆڵتن لەگەڵ ترامپ کۆبوەتەوە بۆئەوەی گۆڕانکاریی لەبڕیاری کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەسوریا بکات، بەشێوەیەک کە هیچ وادەیەکی زەمەنیی بۆ ئەو کشانەوەیە دەستنیشان نەکرێت.

مارک ئاندیک کە باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا بوو لە ئیسرائیلو ئێستاش لەئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا کاردەکات دەڵێ، بۆڵتن دەیەوێت دۆخەکە ڕزگاربکاتو وابکات کاریگەریی لەسەر ترامپ دابنێت. بۆڵتن دەیەوێت هاوشێوەی پرسی ئێران کاریگەریی لەسەر ترامپ دابنێت

بەگوێرەی وتەی بەرپرسانی ئەمریکا، بۆلتن لەپشت سوربوونی ترامپەوە بوە بۆ کشانەوەی ئەمریکا لەرێککەوتنە ئەتۆمیەکەی لەگەڵ ئێران، تەنانەت لەو هەوڵەشدا تۆلتن سەرکەوتوو بوو، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ترامپ بە بڕیاری نەکشانەوە لەسوریا قایلبکات، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەریی لەسەر ترامپ داناوە، تەنانەت ئەوە بەلێدوانەکانی ئەمدواییەی ترامپ بۆ کشانەوە لەسوریا دەبیندرێت، کە سەرەتا دەیوت بەپەلە دەکشێنەوە، بەڵام دواین لێدوانی ترامپ لەوبارەیەوە دەڵێ، پەلە لەکشانەوە ناکەن.

دوو بەرپرسی دیکەی ئەمریکاش پاڵپشتی بۆلتن دەکەن

هەربەتەنها جۆن بۆلتن نیە کە دەیەوێت ترامپ بڕیاری کشانەوە لەسوریا هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو هەریەکە لە مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی، لیندسی گراهام گەورە سیناتۆری کۆمارییەکانیش هاوهەڵوێستن لەگەڵ بۆلتن. تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە لە هەفتەی رابردووەوە مایک پۆمپیۆ و بۆلتن بە گەشتێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

بۆلتن پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ترامپ هەیە

نیویۆرک تایمز دەڵێ، بۆلتن-ی تەمەن 70 ساڵ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ترامپو تەنانەت جاریک کۆشنەری زاوای ترامپ هەیە، کە لەپێشوودا ترامپ ئەو پەیوەندییە پتەوەی لەگەڵ ماکماستەر، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا نەبووە.

بۆلتن دوو مەرجی بۆ تورکیا داناوە

لەسەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل، بۆلتن دوو مەرجی بۆ تورکیا دانا کە پاش جێبەجێکردنی ئەو دوانە ئەمریکا دەکشێتەوە، ئەویش بەردەوامیدانە بەشەڕی داعشو مەرجی دووەمیش پاراستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەسوریا کە شەڕی داعشیان کردوە، ئەوەش مەبەستی لە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بوو. تورکیا بەتوندی هەردوو مەرجەکەی بۆلتن-ی ڕەتکردەوە، تەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا پاش ئەو لێدوانەی بۆلتن وتی، ئەو هەڵەی کوشندەی ئەنجامداوە.

## ڕێککەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی دیمەشقو قامیشلۆ هەڕەشە لەبەرزەفڕییەکانی تورکیا دەکات

شارپرێس

فەیسەڵ میقداد، جێگری وەزیری دەرەوەی سوریا ڕۆژی 4 شەممە گەشبینی خۆی نیشاندا سەبارەت بەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هێزە کوردییەکان لەئارادایەو وتی: کوردەکان دەیانەوێت لەگەڵ دیمەشق بگەن بەرێککەوتنو ئاماژەی بەوەشدا دانوستانەکان بەنێوەنگیری ڕوسیا قۆناغێکی باشی بڕیووەو لە کۆتاییدایە. هێزەکانی سوریای دیموکرات، کە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە پێکهاتەی سەرەکییەتی، سنوریکی بەرفراوانی باکووری سوریایان لەژێر دەستدایە، کە لەئێستادا هەوڵی زیندووکردنەوەی گفتوگۆکانیان دەدەن لەگەڵ دیمەشقدا، ئەمەش دوای ئەوەی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسوریادا.

هێزەکانی سوریای دیموکرات لەوە دەترسن ئەو بۆشاییەی ئەمریکا جێیدەهێڵێت وا لەتورکیا بکات بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازی دژ بەرۆژهەڵاتی فورات هەنگاو بنێت، بۆیە زووبەزوو چەند کەناڵێکی گفتوگۆیان لەگەڵ دیمەشقدا کردوە.

ئەو لێدوانانەی میقدادی بۆ ڕۆژنامەنووسان بۆ یەکەمجارە سەبارەت بەدانوستانەکانی نێوان کوردەکان و دیمەشق بۆ بڵاوەپێکردنی هێزەکانی حکومەتی سوریا لەسەر سنووری تورکیا بڵاودەکرێتەوە، کە ئەوە هەنگاوێکە بۆ ڕێگری لەهەڕەشەکانی ئەنقەرە.

لەوەڵامی پرسیارێکیش سەبارەت بەرەووشی گفتوگۆکان میقداد وتی: "زۆر پێویستە هەمیشە گەشبینبین، ئەزموونی پێشوومان لەگەڵ گروپە کوردییەکان جێگەی دلخۆشی نەبوو، بەڵام ئێستا ڕووداوەکان بەرەو کۆتاین."

ناوبراو وتیشی: گفتوگۆکان کۆک و تەبایە لەگەڵ ئەو بەیاننامانەی لەو ماوەیەی دوایدا گروپە کوردییەکان دەریان کردووەو "ئەگەر کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بەشێکی دانەبڕاون لە دەوڵەت و گەلی سوریا، ئەوا ئێستا بارودۆخەکە ساز و لەبار و گونجاوە، بۆیە من گەشبینم."

میقداد هەروەها وتی: "ئێمە هانی ئەو توێژ و گروپە سیاسییانە دەدەین، کە دڵسۆزی بنوێنن لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی سوریا"، ئاماژەی بەوەش کرد، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە هیچ بژاردەیەکی دیکەمان نییە جگە لە دانوستان و گفتوگۆ.

سیاسییەکی دیاری کوردیش لەهەفتەی پێشوو وتی: ئەو گروپە کوردییانە لەو گفتوگۆیانەی، کە لەو ماوەیەی پێشوودا لە ڕوسیا ئەنجامیانداوە، نەخشەرێگەیەکیان بۆ پێکهاتن لەگەڵ دیمەشق خستۆتەڕوو. هەروەها وتی: ئەگەر ڕێککەوتنەکە سەربگرێت، ئەوا دوو گەورەترین ناوچەی سوریا، کە جەنگی 8 ساڵە پەرتپەرتی کردوون دووبارە یەکدەگرنەوە، ئەو کات لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات ناوچەیەک دەمێنێت بەدەست ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریای سەر بە تورکیا.

ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە بەرەکە لەژێر پێی ئەنقەرە دەردێنێت، کە بە پاساوی ڕیشەکێشکردنی مەترسی کوردەکان هەڕەشەی داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی فورات دەکات، بەڵام ئامانجە دوورەکەیان داگیرکردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریایە، یان بەلایەنی کەمەوە جێگیرکردنی گروپە چەکدارەکانی سەر بەخۆیانن لەو ناوچەیەدا، ئەم کارەش لەلایەن دیمەشقەوە ڕەتدەکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ڕوسیا و کوردەکانیش پێی ڕازینین. تورکیا تا ئێستا دووجار سوپاکەی ناردووەتە سوریا بۆ هێرشکردنەسەر یەکینەکانی پاراستنی گەل، ئێستاش هێرشکردنەسەر ڕۆژهەڵاتی فوراتی دواخستووە، چونکە هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە جێگیرن. جۆن بۆڵتۆنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێش سەردانەکەی بۆ تورکیا لەڕۆژی دووشەممەی رابردوو پێداگری لەسەر ئەوە کردەووە، کە وڵاتەی لە سوریا ناکشێتەوە تاوەکو گەرەنتی سەلامەتی هاوپەیمانە کوردەکانی مسۆگەر نەکات، ئەمەش ئەنقەری تورەکرد، واشی لەرەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا کرد بینینی جۆن بۆڵتۆن ڕەتبکاتەوەو هێرشێکی توندیشی کردەسەر.

چاودێرانیش بەدووری نازانن ئەمریکا لەو گفتوگۆیانەوە نزیکبێت، کە لە نێوان دیمەشق و کوردەکان بە سەرپەرشتی ڕوسیا بەڕێوەدەچن، لەوانەشە هەر ئەوە هۆکاری بەلەسەبوون و هیستریاکەی تورکیا بێت. میقداد بە زمانێکی متمانەبەخۆبووەوە وتی: لەوە دڵنیایە، کە هەموو هێزە بیانییەکان لە سوریا دەکشێنەوە، ئەمەش گریمانەی ئەوە بەهێز دەکات لەژێر پەردەوە گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا لەوبارەوە لە ئارادابێت.

# بیروڕا

## بۆچی میللەت بێبەش دەکەن لە چەکەچینایەتییەکەی

ئەلتیت ئەلحەبیب

وەرگێڕانی: د. شێرکۆ عەبدوڵلا – دوارۆژ

لە ئەوروپا و ئەمریکای باکووردا کە سەنتەری ئیمپریالیزمی جیهانییە، سیاسەتی چینە دەسەڵاتدارەکان بەرەو باڵی راستی توندڕەو دەچێ. ئەم باڵە توندڕەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ لەڕێی مسۆگەرکردنی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەیانچنێتەوە، هەڵبژاردنەکانیش ملکەچ و کۆنترۆڵکراوی دەسەڵاتی پارە و ئاڕاستە ئیعلامییە زەبەلاحەکانن.

ئێستاش، لە قۆناغی قەیرانە کۆمەڵایەتییە گەورەکەدا، رێک وەک سەردەمەکانی جەنگی یەکەم و جەنگی دووەمی جیهانیی، دەبینین بۆرجوازی دەسەڵاتدار هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بەکاردەهێنێت وەک ئەوەی هەیئەتی ئەرکانی جەنگێک بن دژی چینەکانی گەل و لەپێش هەموویانەوە دژی چینی کرێکار. بۆرجوازی دەسەڵاتدار لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵە حیزبێکی نیمچە سەربازیی دادەمەزرێنێت کە رێکخراو و خاوەن میلیشیان و بۆ ئەرکی تایبەت بەکاریان دەهێنێت. مێژوو فێرمان دەکات کە ئەوە هەر کۆمۆنیستەکانن رووبەڕووی ئەم جەنگە وەستاونەتەوە و رابەرایەتی شەڕی پێچەوانەیان کردووە و قوربانیی زۆریان لە تەواوی ئەو وڵاتانەدا بەخشیووە.

ئەمڕۆ هەمان قەیران بە چڕی دەبینین کە گەیشتووەتە قۆناغی دروستکردنی حیزبی راستڕەوی و نیمچە سەربازیی توندڕەو کە بەرەو ئەوە هەنگاودەنێن پێگەکانی بڕیاری سیاسیش داگیر بکەن و لەهەمانکاتدا سروشتە خۆڕسک و ئاڕاستە نەکراوەکانیان بپارێزن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانن ئەم ئارەزووە تاوانکاری و شەڕانییەی سەرمایەداری بۆگەنە بوەستێنن کە نوقمی ناو قەیرانەکانی خۆی بووە؟ مێژوو دیسان فریامان دەکەوێت و پێمان دەڵێت کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکە رێ لەم تەوژمە بگرێ. چەپی پۆپۆلیست هەڵەیەکی گەورە دەکات کە هەمان چەکی راستڕەوی پۆپۆلیست بەکاردەهێنێت و تەنیا بە چەند سازشێکی سەرمایەداریی رازی دەبن. ئەم کارە کە گوایە بۆ چاکسازییکردنە لە سیستمی سەرمایەداریدا و گرەنتی بەردەوامبوونی ئەو سیستمە دەدات، لە ناوەڕۆکدا داماڵینی چەکێکی کاریگەر و چارەنووسییە لە شانی جەماوەر، بەتایبەت لە شانی چینی کرێکار و چەکەکەش بریتییە لە حیزبی سەربەخۆی چینی کرێکار و رێکخستنی چینە زیانلێکەوتووەکان بەرەو ئامانجی لەناوبردنی سەرمایەداریی.

لە زۆر وڵاتی وەک ئەمریکای باشوور و هەروەها لە یۆناندا ئەم چەپە پۆپۆلیستە سەرکردایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان گرتەدەست بەڵام دەرکەوت لە یۆناندا کە ناتوانێت ئەو هێڵە سوورانە تێبپەڕێنێت کە بانکە گرنگەکان دیارییان کردووە. بزووتنەوەکەی سیریزا خەباتی گەلی یۆنانی لەباربرد و دەستکەوتەکانیشی بەفیڕۆ دا. بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەرنامە خەباتکارییەی کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دارێژراوە و بەپێی یاساکانی ناکۆکی چینایەتی بچێت رێکخراوە سیاسی و سەندیکایی و کۆمەڵایەتییەکانی رێکبخات.

## گەڕانەوەی ئەمریکییەکان بۆ سوریا

عەبدولڕەحمان ئەلڕاشد

سەرچاوە: ئەلشەرق ئەلئەوسەت – دوارۆژ

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا پەشیمان بووەوە لە پاشەکشەکردن لە سوریا چونکە هێزە ناوچەییەکان نەیانتوانی وەک پرۆژەیەکی ئاشتی بۆ ئەوێ تەماشای بکەن، بەڵکو وا مامەڵەیان لەگەڵدا کرد کە ئەمە پاشەکشەی هێزێکی شکستخواردووە. عێراق کە هاوپەیمانی واشنتۆنە سەرلێشێوانی لێ دەرکەوت و ملیدا بۆ گوشارەکانی تاران. تورکیا بەپەلە کۆمەڵێک سازشی بۆ ئێران و روسیا کرد. هێزەکانی سوریای دیموکراتیش کە لەسەر واشنتۆن حسابن، بەرەو لای دیمەشق و تاران دایانشکاندەوە. ئێرانیش هەناردە سەربازەکانی زیاتر کرد بۆ بەرەی جەنگ.

لەڕووی دیپلۆماسیەوە، وڵاتانی ناوچەکە ئەم پاشەکشەکردنەی ئەمریکایان بە قۆناغێکی نوێ حساب کرد کە ئێران و تورکیا تییدا باڵادەست دەبن و هەنگاوەکان بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتیەکی ناوچەیی لەنێوان ئێران و قەتەر و تورکیادا دەستی پێکرد. کۆمکاری عەرەبی و وڵاتانی ناوچەکە هەوڵیاندا پەیوەندیی لەگەڵ رژێمی دیمەشقدا دروست بکەنەوە بێ ئەوەی هیچ نیازپاکییەک نیشان بدات بەرامبەر ملیۆنەها سوریی ئاوارە و پەنابەر، بەڵکو لە جاران خراپتر کەوتە راونان و تۆڵە لێسەندنەوەیان.

هەموو ئەم شتانە لەسەر تویتێکی سەرۆک ترەمپ دروست بوون کە لە ئەکاونتەکەی خۆیدا لە تویتەر ئاشکرای کرد بڕیاریداوە هێزەکانی لە سوریا بکشێنێتەوە لەبەر ئەوەی گوایە شەڕی داعش کۆتایی هاتووە و ئیتر پێویست ناکات لەسەر خاکی سوریا بمێننەوە.

ئەنجامەکان پێچەوانە و کارەساتبار بوون، لەبەر ئەوە ترەمپ پاشەکشەی کرد و سیاسەتی پاشەکشەی هێواشی گرتەبەر کە زیاتر لەوە دەچێت جێگۆڕکێی هێزەکانی بێت.

شەڕەکان لە سوریادان، بەڵام جەنگە راستەقینەکە لەگەڵ ئێراندایە کە دیمەشقی کردووەتە جومگەی سەرەکیی سیاسەتەکانی و لەو رێگەیەوە حوکمی لوبنان و عێراق دەکات و هەڕەشەیش دروشت دەکات بۆ سەر ئوردن و ئیسرائیل و هاوسەنگییەکی تازە و ترسناک لە ناوچەکەدا دەسەپێنێت.

شتە چاوەڕوانکراوەکە ئەوەبوو وەزیرەکانی ترەمپ زمانێکی بەهێز و توندیان بەکارهێنا بۆ قەرەبووکردنەوەی زمانە دۆڕاوەکەی پێشووتری پاشەکشێ. راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هۆشداریی دا بە تورکەکان لەوەی کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا ناکشێنەوە ئەگەر تورکیا بەڵێن نەدات کە هیچ هەنگاوێک لە سوریادا نانێت بەبێ رەزامەندیی واشنتۆن و هەروەها ئاگاداری کردنەوە کە نابێ جەنگاوەرە کوردەکان بکات بە ئامانج. ئەمە شێوازێک بوو کە ئەنقەرە بە سووکایەتی پێکردن حسابی کرد بەڵام نیوێرا تەحەدای بکات. جا ئەگەر تورکیا ملکەچ بێت و بەڵێن بدات هێرش نەکاتە سەر کوردەکان، ئەی ئاخۆ واشنتۆن چی دەکات لەو میلیشیا زۆرەی کە ئێرانیەکان بردوویانە بۆ سەپاندی هاوکێشەی گوشار خستنە سەر ئیسرائیل؟

ئەمە وام لێدەکات گومانم هەبێت لە کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا پێش ئەوەی سیاسەتێکی جیاواز نەگرێتە بەر لەبەرامبەر ئێران و تورکیا.

بە کورتیەکەی هێشتا کاتی ئاشتی نەهاتووە لە سوریا.

رژێمی دیمەشق چەند بەڵێن بدات ناتوانێ ئێران لەکۆڵ بکاتەوە. بۆ ئەوەی ددانی پێدا بنێن بەڵێن دەدات کە داوا لە تاران دەکات لەماوەی ساڵێک یان دوو ساڵدا هێزەکانی بکێشێنێتەوە لە سوریا، بەڵام ئەو بەڵێنانە هیچ نرخێکیان نابێ. هێزەکانی ئێران هەتا هەست نەکەن زۆر دەکەوێت لەسەریان، لە سوریا و ناوچەکە ناکشێنەوە. ئەمەیش تەنیا بە بەرزکردنەوەی ئاستی رووبەڕووبوونەوەکان دەکرێت لەگەڵ ئێراندا نەک بە هەڵاتنی سەربازیی ئەمریکا لە سوریا و کردنەوەی باڵیۆزخانە عەرەبییەکان لە دیمەشق.

# کەشوهەوا

**باری کەش و هەوای سبەی پێنج شەممە 2019-01-10**

پێشبینی بۆ ماوەی 48 کاتژمێر.

| کەش | شارەکان | نزم ترین پلەی گەرمی پێشبینی کراو | بەرزترین پلەی گەرمی پێشبینی کراو | خێرای باو + مەودای بینین |
|---|---|---|---|---|
|  | **هەولێر** ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور و سارد دەبێت لەگەڵ دروست بوونی شەختە لە کاتەکانی بەیانی زوو . | 0 | 9 | (20-5) کم/س مەودای بینین (9-8) کم |
|  | **سلێمانی** ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور و سارد دەبێت لەگەڵ دروست بوونی شەختە لە کاتەکانی بەیانی زوو. | -1 | 5 | (20-5) کم/س مەودای بینین (9-8) کم |
|  | **دهۆک** ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور و سارد دەبێت لەگەڵ دروست بوونی شەختە لە کاتەکانی بەیانی زوو. | -2 | 4 | (15-5) کم/س مەودای بینین (9-8) کم |
|  | **کەرکووک** ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور و سارد دەبێت لەگەڵ دروست بوونی شەختە لە کاتەکانی بەیانی زوو. | 2 | 11 | (20-5) کم/س مەودای بینین (9-8) کم |